## محەمەد تەها:

# کاری رەسەن و جوان هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە



لەبـــەر هەڵکەوتەی جوگرافـــی بێت، یاخود خۆشەویســـتیی خەڵکی کوردستان بۆ هونەر، دەبینین زۆر لە شـــارەکانی کوردستان بەردەوام هونەرمەنـــدی بەتوانا و بە ئەزموونیان تێدایە کە ناوبانگیان لە سەرتاســـەری کوردســـتان بڵاو دەبێتەوە، شاری ئاکرێی خۆشەویستیش هەمیشـــە لانکی هونەرمەندان بـــووە و بە درێژایی مێژوو چەندین هونەرمەندی پێشکەش بە کوردســـتان کردووە، زۆریش لە هونەرمەندان گۆرانییـــان بۆ ئەم شـــارە خۆشەویســـتە وتووە، محەمەد تەهـــا ئاکرەیی یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ئێستا لە گۆرانیگوتن بەردەوامـــە و لەبەر ئـــەوەی لەگـــەڵ هونەرمەندانی بەئەزموونی کوردســـتان ژیاوە و خۆیشی شارەزاییەکی زۆری لە هونەر هەیە، پێیوایە پێویستە هونەری کوردی بکەوێتەوە سەر ڕێچکەی جارانی خۆی.

ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت دوورکەوتنەوەی هونەرمەندە لاوەکانە لە گۆرانیی کلاسیك لەم بارەیەوە محەمەد تەها ئاکرەیی دەڵێت: زۆر لە گۆرانیبێژەکانی ئێستامان ئەو توانا هونەرییەیان نییە کە بتوانن گۆرانیی کلاسیك بڵێن بەتایبەتی توانا دەنگییەکان، چونکە گۆرانیی کلاسیك پێویستی بە توانایەکی دەنگی زۆر هەیە. توانای دەنگی زۆر پێویستە، هەروەها پێویستی بە توانایەکی مێشکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ شیعری کلاسیکیی کوردی بە تەواوی لەبەر بکرێت، چونکە لەبەرکردنی ئەم شیعرانە تا رادەیەك زەحمەتترە لە شیعری ئاسایی، یان شیعری گۆرانی.

محەمەد تەها سەبارەت بە ئێستای هونەری کوردی و ئەو هونەرمەندانەی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریی کوردیدا بەردەوامن دەڵێت: من پێموایە هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە کە هونەر لە خودی خۆیدا هەبێت، کاتێك دەردەکەوێت و ئەو بەهرەیەی هەبێت بتوانی دەری بخات، بەجۆرێك هونەرەکەی خۆی بیبکات بە هونەرمەندێك کە هەموو لایەك شایەدی بۆ توانا هونەرییەکانی بدەن.

ئێمەی کورد خاوەن گەنجینەیەکی هونەری دەوڵەمەندین و دەتوانین سوودی لێ وەربگرین بۆ پێشخستنی هونەری خۆمان لە هەموو رووییەکەوە، هونەری کوردی لە سەردەمی پێش ئازاد کردنی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا بوو و هەر کەسێك ئەگەر توانای هونەری نەبوایە و دڵنیا نەبوایە لەوەی لە هونەرەکەی سەرکەوتوو دەبێت دەستی نەدەدایە هونەر و گۆرانی وتن، بەڵام بەداخەوە ئێستا دەبینین ریژەی ئەو کەسانەی کە تێکدەری هونەری رەسەنی کوردین زۆر زیادی کردووە، بۆیە دەبینین هونەری کوردی ئێستا لاواز بووە.

ئەو هونەرمەندە پێیوایە دەکرێ کار بۆ ئەوە بکرێ کە هونەری کوردی وەك پێویست بپارێزین و رەسەنایەتیی خۆی ون نەکات، وتیشی: هونەری کوردی هیچ کەموکوڕی نییە و گونجاو نییە بڵێین دەیپارێزین، بەڵام راستییەکەی کەسانێك بە کەموکورییەوە هاتوونەتە نێو بوارەکە و پێیانوایە کاری هونەری دەکەن ئەمانە بوونەتە هۆی درووستبوونی ئەو بارودۆخەی ئێستا هونەری کوردی تێیکەوتووە.

سەبارەت بە هونەرمەندە بە ئەزموونەکانی کورد و گەنجەکانیش دەڵێت: بێگومان هەمیشە لە کوردستان هونەرمەندی بە توانا هەبوون و دەرکەوتوون، بەڵام زۆر جار کەسانێك هەن کارێك ئەنجام دەدەن بە نیازی ئەوەی خزمەت بە هونەری کوردی بکەن و زۆریش ماندوو دەبن، بەڵام لەوانەیە هەوڵەکانیان بە پێچەوانە بشکێتەوە و لە جیاتی ئەوەی سوودی بۆ هونەری کوردی هەبێت زیانی زیاتر بێت.

جاران کە ئێمە دەستمان پێکرد ئەو توانا و ئیمکانییاتەی ئێستا هەیە نەبوو، بەتایبەتی لەرووی تەکنیك و تەکنۆلۆژیاوە، دەبوایە چەند شارێك بکەی بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەك بە ئامێری سەرەتایی، بەڵام ئەوەی پێشکەش دەکرا ئێستاش لە نێو میللەتی کورد بە زیندوویی ماوەتەوە، ئێستا ئیمکانییات زۆرە، بۆیە پێویستە هونەرمەندە لاوەکانیش خۆیان زیاتر ماندوو بکەن و لە رەسەنایەتیی هونەری کوردی دوورنەکەونەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بناسرێن، من پێم باشە پشت لە گۆرانیی فۆلکلۆر نەکەن و پەرەی پێ بدەن، چونکە ئەمە سەرچاوە و کانیاوی راستەقینەی هونەری هەر میللەتێکە، راستە پێشکەوتن و گۆرانی و هونەری سەردەمیش پێویستە، بەڵام بیرمان نەچێت هونەری هەر میللەتێك تایبەتمەندیی خۆی و پێی ناسراوە، ئەگەر گۆرانیی هەر میللەتێك بڵێی، یان سوودی لێ وەربگریت، دەنگت چەند خۆش بێت و توانای هونەریشت چەند بەرزبێت، کەس ناڵێ ئەمە هونەری کوردییە.



# رەخنە لە دەنگی ئەلیسا دەگیرێت

زۆربەی رەخنەگرانی لوبنانی و عەرەبی بەردەوام ستایشی خانمە گۆرانیبێژ ئەلیسا دەکەن و بە شان و باڵیدا هەڵدەڵێن و زۆر جار بە ئەستێرەی یەکەمی عەرەبی دادەنێن، کەچی میشێل ئەلفتریادسی موزیسیانی ناوداری لوبنانی بەپێچەوانەی هەموویان بەردەوام رەخنەی لێدەگرێت و رەخنەکەش لە شێوازی هەڵسوکەوت و جلوبەرگە ورووژێنەرەکانی نییە، بەڵکو لە شێوازی گۆرانیی وتنی ئەم ئەستێرەیەیە.

ئەم موزیسیانە لوبنانییە کە بە دەرکەوتنی بە جلوبەرگی سەیر و سەمەرە ناسراوە، بە ئاشکرا رایگەیاند دەنگی ئەلیسا پڕە لە نەشاز و لە رێگای (ئۆتۆتیۆن) لە ستۆدیۆکانی تۆمار کردنی چاك دەکرێ لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکانی، میشێل لە میانەی بەرنامەی (المتهم)دا دووبارە رەخنەی لە دەنگی ئەلیسا گرتەوە لە کاتی وتنی گۆرانی لەسەر شانۆ و وتی: من تەنیا گوێ لە ئەلبوومەکانی دەگرم کە هیچ نەشازێکی تێدا بەدی ناکەم.

بەشێك لە رەخنەگرانی دیکەی عەرەبی و لوبنانی پێیانوایە ئەم لێدوانانەی میشێل هیچ بنەمایەکی هونەریان نییە و هۆکارەکانیش زیاتر کەسین، چونکە لە دوو بەرنامەی دۆزینەوەی بەهرە هونەرییەکان و لە دوو کەناڵی جیاجیادا شوێنی ئەوی گرتۆتەوە لە لیژنەی ناوبژیوانی بووە، هەروەها جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیش لە نێوانیاندا هەیە و پێش ٣ ساڵ بە ئاشکرا ئەمەی راگەیاندبوو، لە هەمان کاتدا ئەم رەخنەگرانە بە ئاشکرا باسی ئەو (نەشازە) ناکەن کە لە گۆرانییە راستەوخۆکانی ئەلیسادا هەستی پێدەکرێ، بەڵکو باس لە نەشاز دەکەن لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتەکانی خۆیاندا.



هەڵبژاردنی جانتای دەست یەکێکە لە گرفتە سەرەکی و هەروە گەورەکانی ئەستێرە سینەماییە هیندییەکان کاتێك لەسەر فەرشی سووری فیستیڤاڵەکان لە بەردەم میدیا و کامێراکان ئامادە دەبن و حیساب بۆ بچووکترین شت دەکەن کە کاریگەریی نەرێنی یان ئەرێنی هەبێت لەسەردەرکەوتنیان واتە جوانتر یان ناشیرین کردنیان.

لە ترسی ئەوەی بۆ بەیانی نەبنە بابەتی تەنزئامێزی و نازناوی ناشیرنترین ئەکتەر بەدەست نەهێنن لە رۆژنامە و میدیاکان و لە جیاتی ئەمە بە جوانترین و سەرنجراکێشترین ئەستێرەی فیستیڤاڵەکە باسیان بکەن، جانتای دەستیان بە هۆکارێکی سەرەکیی دەزانن بۆ ئەوەی جوان بن و ئیزافەیەك بخەنە سەر ماکیاژ و جلوبەرگەکانیان، سۆنام کاپور لە بارەی جوانیی جانتاوە دەڵێت:





# ریهانا راستی پێوەندی خۆی و لیۆناردۆ ئاشکرا دەکات

ماوەیەکە ناوەندە هونەرییەکان و میدیاکانی جیهان باس لە پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان لیۆناردۆ دیکابریۆی ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد و ریهانای گۆرانیبێژ دەکەن و بە خێراترین پەیوەندیی خۆشەویستی ئەستێرەکانی وەسف دەکەن بەتایبەتی دوای ئەوەی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە ریهانا رایانگەیاند کە ئەم دووانە بە نیازن بە یەکەوە بژین.

سەرچاوە نزیکەکەی ریهانا ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئەوە پەیوەندییە ماوەی ساڵێکە لە نێوانیاندا درووستبووە زۆر بە خێرایی پەرەی سەندووە، بۆیە لیۆناردۆ ژوورێکی تایبەتی لە خانووەکەی خۆی بۆ ریهانا تەرخان کردووە لەگەڵ شوێنێکی تایبەت بۆ جگەرەکێشان، چونکە ماوەیەکە بەردەوام سەردانی دەکات، لە هەمان کاتدا ریهانا لیۆناردۆی بانگهێشتی زەماوەندی کوڕە مامەکەی خۆی کرد.

ئەوەی زیاتر هەواڵەکەی خۆش کرد قسەکانی کەسێکی نزیکی ریهانا بوو کە باسی لەو خۆشەویستییە کردبوو، هەروەها بەشداری کردنی دیکابریۆ لە ئاهەنگی لە دایکبوونی ریهانا و ئەو هەواڵەی کە بڵاوبۆوە گوایە لە فیلمی داهاتووی دیکابریۆ ریهانا رۆڵی پاڵەوان دەبینێت، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە ریهانا رەتی کردەوە کە بڕیاریدا بێت لە خانووەکەی لیۆناردۆدا بژیت و بە گۆڤاری تیڤی مۆڤیی ئەڵمانی راگەیاند: پێویست ناکات هەر شتێکتان بیست باوەڕ بکەن، چونکە ئێمە بە یەکەوە ناژین.



# هیندییەکان بە جانتاکانیانەوە جوانن

یەکێکە لە خەمە گەورەکانم لە کاتی بەشداری کردن لە فیستیڤاڵەکاندا بۆیە بەر لەوەی شێوە و رەنگ و مۆدێلی و جۆری قوماشەکەی هەڵبژێرم پرس بە چەند کەسێکی پسپۆری جوانکاری دەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ جلوبەرگ و ماکیاژەکەم بگونجێت و ئەگەر هەبێت لە هەمان رەنگ و هەمان مارکە پەیدا دەکەم، چونکە بە لای منەوە زۆر گرنگە، کیارا ئەدفانیش دەڵێت: زۆر جار لە ترسی ئەوەی جانتاکەم ناشیرین نەبێت و کاریگەری نەبێت لەسەر جوانییەکەم هەوڵدەدەم بەبێ جانتا لەسەر فەرشی سووری فیستیڤاڵەکان ئامادە بم، چونکە هەڵبژاردنی رەنگ و جۆر و قوماشی و مارکەکەی زۆر جار گرفتم بۆ درووست دەکات و بەوشێوەیە نابێت کە پێشبینیم دەکرد.



## هیوا سوعاد:

# پێویستە سەنگەرەکانی پێشمەرگە قایمتر بکرێن، بەڵام ناکرێ هونەریش پشتگوێ بخرێت

**ماوەیەکە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە سازدانی چەندین کۆڕ و سیمیناری هونەری کردووە سەبارەت بە چەند پرسێکی تایبەت بە هونەری کوردی بەگشتی و شانۆ بەشێوەیەکی تایبەت، بە هەمان شێوە بە بۆنەی رۆژی جیهانی شانۆ بۆ ماوەی هەفتەیەك زنجیرەیەك کۆڕ و سیمینار ساز کران و ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند و قوتابیانی کۆلێژ و پەیمانگەی هونەرە جوانەکان ئامادەی بوون، بۆ باس کردنی ئەم زنجیرە کۆڕانە و کاریگەریی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان لەسەرشانۆ، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ ئەنجامدا.**



***مەبەستی سەرەکی لە سازدانی ئەم زنجیرە کۆڕانە چی بووە؟**

- مەبەستمان برەودان بوو بە لایەنی رۆشنبیریی شانۆیی و دەستنیشانکردنی خاڵە کاریگەرەکان ئەوەی دەبێتە مایەی بووژانەوەی شانۆ و باسکردنی هەندێك دیاردە و ستایل و شێواز کە بینەری کورد بە تەواوەتی پێی ئاشنا نییە، هەروەها کۆکردنەوەی شانۆکاران ودووپات کردنەوەی تەبایی و وەلانانی ناکۆکییەکان بوو. لە هەموویشی گرنگتر سەلماندمان کە هونەرمەندی کورد پیاوی رۆژی تەنگانەن وهەمیشە لە بەخششدا بەردەوامن.

*** بۆچی کاتەکە بەیانی بوو، ئایا ئەگەر کاتێکی دی بوایە خەڵکی زیاتر ئامادە نەدەبوو؟**

- سەرەتا بیرۆکەکە تەنیا بۆ هونەرمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ بوو دواتر قوتابیانی پەیمانگە و کۆلێژ، ئیتر هونەرمەندان و هونەردۆستانیش هاتن.

**• ئەوەی لە کۆڕەکانتان ئامادە دەبوون، تەنیا شانۆکار بوون، یاخود خەڵکی دیکەیش ئامادە دەبوون؟**

- هەروەکو دیار بوو باسەکان هەمەجۆر بوون، رۆژی وا هەبوو موزیککاران ژمارەیان زیاتر بوو.






*** تەوەرەکانتان چۆن ئامادە کردبوو؟**

- هونەرمەنـــدان لە ئامادەکردنی کۆڕەکان سەرپشـــك کرابوون، چونکە مەبەســـتمانە بە درێژایی ســـاڵ کۆڕەکان بەردەوام بن، لە سەرەتای ساڵیشەوە دەستمان کردووە بە سازدانی کۆڕ و سیمیناری هونەری و بەردەوامیش دەبین.

*** ئـــەو زنجیرە کۆڕانە تەنیا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی شـــانۆ بوو؟**

- هەروەکو باســـمکرد لە سەرەتای ســـاڵەوە دەستمان پێکردووە و بەردەوامیش دەبین بۆ ڕۆژی جیهانیی شـــانۆش ئێمە کەسەکانمان هەڵبژارد.

*** هەفتانـــە لە بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شـــانۆ کۆڕتان هەیە، تاکەی بەردەوام دەبن؟**

- بـــە نیازین تا کۆتایی ســـاڵ بەردە وام بیـــن و لە کۆڕەکانی داهاتوو سوپرایزمان هەیە.

*** ئایا بە ســـازدانی ئـــەم زنجیرە کۆڕانە دەتوانـــن قەرەبووی بارودۆخی ئێســـتای شـــانۆی کوردی بکەنەوە لـــە هەولێر کە بە هۆی بارودۆخ و قەیرانی ئابووری زیانی پێکەوتووە و لە چالاکی وەستاوە؟**

- بارودۆخەکە زۆر ســـەختە و نەبوونی هـــۆڵ و بێ بودجەیی کاریگەریی خراپی لەسەر بزووتنەوەی شانۆ هەیە، چەند کارێکی شانۆیی پێشکەش کراون وسازدانی کۆڕیش گرنگیی خۆی هەیە، بەڵکو لەم ڕۆژگارە و ســـەرەتای ســـاڵ زۆر پێویستە، دەکرێ بە کارەکانمان و زانیاری و تێگەیشـــتن و بۆچوونەکانماندا بچینەوە و سوود لە ڕاوسەرنج و بۆچوونی یەکتر وەربگرین.

*** بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئابووری و سیاسیی کوردستان هیچ هەوڵێکتان داوە بۆ سازکردنی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆ لە هەولێر؟**

-سازدانی فیستیڤاڵ پێویســـتی بە ئیمکانیاتی ماددی هەیە، ســـاڵی ٢٠١٤ بارودۆخەکە لە هەموو ڕوویەکـــەوە لەبار نەبوو بۆ سازدانی فیســـتیڤاڵ، بەڵام بۆ ئەمساڵ هەوڵمان داوە و قسەمان لەگەڵ چەند گروپێکی دەرەوەش کردووە بۆ بەشـــداریکردن، ڕاستە ئێمە لە شەڕداین و پێویستە هەوڵەکان بۆ پتەوکردن و قایمترکردنی ســـەنگەرەکان چڕبکرێنەوە، بەڵام نابێ کاری هونەریش فەرامۆش بکرێت، چونکە هونەر بەگشـــتی و شـــانۆ بەتایبەتی هۆکارێکی ســـەرەکیی بەردەوامی ژیانی مەدەنییەتە و هەمیشـــە لە هەموو بارودۆخێکدا کاریگەری خۆی هەیە.

*** بارودۆخی ئێستای کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر بزاڤی شـــانۆیی هەیە بەتایبەت کە شـــانۆی کوردی لە ئاستێکی زۆر دڵخۆشکەردا نەبوو؟**

- سەرەتا حەز دەکەم بزانم کێن ئەوانەی دەڵێن شانۆ لە ئاستیکی دڵخۆشـــکەرانە نەبووە، دواتر لە هەموو ســـەردەمێکدا کاری باش و کاری خراپ کراوە، کەســـانێك هەن تواناو بەخششی هونەرییان نەماوە یان هەندێکیان بەرژەوەندییان لە نێوەندی شانۆ نەماوە، دەڵێن شـــانۆ سستە، یان وەکو جاران نییە، مەبەستیانە ئەو پڕوپاگەندەیە بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی ئیفلاســـیی خۆیان بشـــارنەوە، سەبارەت بە کاریگەریـــی بارودۆخەکە بەڵێ کاریگەریی زۆرە و زۆریش خراپە لەسەرشـــانۆ، مەبەســـتم ئەو بارودۆخەی دوای هێرشی داعشی نەگریسە.

*** پار (مەم و زین)ت پێشـــکەش کرد بە شـــێوازێکی نوێ لە دەرەوەی هۆڵی شـــانۆ، بیرتان لە کارێکی هاوشـــێوەی تایبەت بە پێشمەرگە نەکردۆتەوە؟**

- بیرۆکە هەیە، بەڵام کارێکی لەو شـــێوەیە پێویستی بە توانای مرۆیی و دارایی هەیە، لە دیراســـەداین بۆ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ پێشکەش بکەین و ببێتە مایەی دڵخۆشیی هەموو لایەك.

*** چەند نمایشـــێکی شـــانۆیی تایبەت بە پێشـــمەرگە نمایش کران، بەڵام بۆچی ئێوەی شانۆکار هەوڵتان نەداوە واقعی ئێستای کوردســـتان بە کارێکی شـــانۆیی نیشـــتمانی گەورە بەرجەستە بکەن؟**

- حکومـــەت لە یارمەتی دانی گـــروپ و تیپەکان کەمتەرخەم نەبووە لە ڕێگـــەی بەڕێوەبەرایەتیی شـــانۆوە هاوکاریی چەندین بەرهەمـــی هونـــەری و کاری هونەرمەندان کـــراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە و کەموکوڕیی دروســـتکردووە هەمیشـــە نەبوونی سیســـتم و بە دەزگایی نەبوونی کارەکانـــی حکومەتە و قەبارە و ئیمکانیاتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی شـــانۆ زۆر بچووك و کەمە کە ناتوانن بەپێی پێویســـت ئەرکەکانیان جێبەجێبـــکات. من پێموایە بوونی بەڕێوەبەرایەتیی شـــانۆ بە دەزگای شانۆ پێدانی دەسەڵاتی کارگێـــڕ و دارایی زۆر لە واقعی شـــانۆ دەگۆڕێت و تەکانێك بە بارودۆخەکە دەدات.

**کەسانێک هەن تواناو بەخششی هونەرییان نەماوە یان هەندێکیان بەرژەوەندییان لە نێوەندی شانۆ نەماوە، دەڵێن شانۆ سستە، یان وەکو جاران نییە، مەبەستیانە ئەو پڕوپاگەندەیە بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی ئیفلاسیی خۆیان بشارنەوە**